رۆمانێكی رۆماننووسی دیاری كورد عەتا نەهایی دەكرێت بەئینگلیزی

رۆمانێكی رۆماننووسی دیاری كورد عەتا نەهایی دەكرێت بەئینگلیزی، "باڵندەكانی دەم با" دووەم ڕۆمانی نووسەرە و ساڵی 2002 چاپ بووە.

بەیارە ئەمساڵ چاپەمەنیی كامن نەشنز لە ئەمەریكا، رۆمانی "باڵندەكانی دەم با"ی عەتا نەهایی بڵاو بكاتەوە، ئەم ڕۆمانە چیا پەروێزپوور و حەری مەلەكی، لە زمانی كوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەریانگێڕاوە.

بەگوتەی وەرگێڕەكانی، لە یەكی ئەیلوول رۆمانی "باڵندەكانی دەم با" لە زۆربەی وڵاتە ئینگلیزی زمانەكان بەردەست دەبێت.

بەگوتەی زۆرینەی خوێنەران و رەخنەگران "باڵندەكانی دەم با" باشترین رۆمانی نووسەرە، ئەگەرچی نەهایی رۆمانی "گۆرەوی بەختی هەڵاڵە"ی زۆرترین خوێنەری هەبووە و زۆرترین جاریش چاپ كراوەتەوە.

عەتا نەهایی لە ساڵی 1960 لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە، یەکێکە لە ڕۆمانووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕە دیارەکانی کورد. لە ساڵی 2008 خەڵاتی ئەحمەد هەردیی پێ بەخشراوە و دوایین ڕۆمانیشی، ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵۆ"ـیە کە لە ساڵی 2008 لە سلێمانی بڵاو بووەتەوە. "وشە" زانیویەتی رۆمانێکی نوێی نووسیوە، بەڵام تا ئێستە بڕیاری بڵاوکردنەوەی نەداوە.

نەهایی جگە لەوەی رۆمانووسێکی بەتوانایە، هاوکات چەندان شاکاریشی لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە و هەموو ئەو کارانەی کەلێنی گەورەیان لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردووەتەوە.

کامن نەشنز چاپەمەنییەکی ئەمەریکییە و هەوڵ دەدات ئەدەبیاتی نەناسراو و پەراوێزخراو، بە دنیا بناسێنێت و لە زۆربەی وڵاتانی دنیاش خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە.